# مەیتەرستان

ئـەمجـەد شاکـەلـی

وشەی "سیاسەت" و "سیاسی"ی لە زمانی کوردییدا، لە "سیاسة" و "سیاسي"ی زمانی عەرەبییەوە هاتووە. عەرەب ئەو وشەیە بێجگە لەو دوو شێوەی پێشووەیدا، لە شێوەی "سیس، یسیس، سیس، تسییس، مسیس، ساسة، أسس، یؤسس، أسس، تأسیس، مؤسس، مؤسس، مؤسسة"دا بەکار دەبات، بەڵام کورد تەنیا "سیاسەت" و "سیاسی" وەک عەرەب بەکار دەبات و بۆ ئەو کەسەیشی، کە کاری سیاسەت دەکات، ئەگەر بە جیددی باسی لێوە بکات، وشەی"سیاسەتکار" و "سیاسەتمەدار" و "سیاسەتزان" بەکار دەبات و ئەگەر بۆ شۆخیپیکردنیش بێت، نێوی "سیاسەتچی" لێدەنێت، کە هەموویان کوردانندنی وشەی سیاسەت"سیاسة"ە عەرەبییەکەن، تەنێ بە پێوەنووساندنی پاشگری"کار، مەدار، چی". وشەی"سیاسة"ی عەرەبی بە واتای"ڕامیاری" کوردی دێت، کە دەکاتە ڕامکردن و کایەی ڕامکردن. لە ڕەگوڕیشەدا عەرەب ئەو وشەیەی بۆ ڕامکردنی ئاژەڵ، بە تایبەت بەرزەوڵاخی وەک ئەسپ و هێستر بەکار بردووە و ئەوەی ئەو کارەیشی کردووە پێی گوتراوە"سایس". "سایس" ئەو کەسەیە، کە دەستەمۆ و کەوی و ڕامکردن و بارهێنانی ئەسپ و هێستر دەگرێتە ئەستۆی خۆی و سەرپەرشتیی ئالیک و ئاودان و تەویلە و پێویستییەکانی دیکەی ئەو ئاژەڵانە دەکات. "سایس"، کورد پێی دەڵێ"مەیتەر". شێخی مەزن، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، لە باسی هێسترێکیدا، کە یەکێک لە میرانی شەقلاوە بۆی ناردووە دەڵێ:

(سەی فەتاحی) <u>مەیتەرِم</u> ڕۆژێ بە حیججەت لێینەوی

کلکی دەرهێنا لەبن ئەمجا بە ئاستەم گوێی بزووت

ڕامکردنی ئەسپ و هێستر، دەکاتە دەستبەسەرداڕۆیشتن و دەسەڵاتبوون و دەسەڵاتداریەتیی مەیتەر بە سەریاندا. سیاسەتیش هەر ئەو واتایە دەدات، لێ بۆ مرۆڤ. سیاسەت دەکاتە دەستبەسەرداڕۆیشتن و دەسەڵاتبوون و دەسەڵاتداریەتیی سیاسەتکار بە سەر مرۆڤە ئاساییەکاندا، واتە: ڕامکردنی ئەو مرۆڤانە.

سیاسەت لە زمانانی ئەوروپاییدا، وشەگەلی پۆلیتیک(Politic) و پۆلیسی (Policy) بۆ بەکار دەبرێت. وشەی پۆلیتیک، کە لە زمانی یۆنانییەوە هاتووە، واتای: هونەری دەوڵەتاندن، هونەری پیادەکردنی دەسەڵات لە بوارێکی فەرمی و گشتییدا دەدات. وشەی پۆلیس(Police) یش، کە لە زمانی یۆنانیدا بە واتای"شار" یا "دەوڵەتی شار" هاتووە واتای کاروباری هاووڵاتان دەگەیەنێت، بنەمایەکە بۆ وشەی پۆلیتیک و پۆلیسی. پۆلیتیک، چۆنیەتی بەڕێوەبردن و کارگێڕی و بڕیاردان و فەرمانڕەوایی و پیادەکردن و بەجێهێنانی دەسەڵاتە. هەرچی وشەی پۆلیسی(Policy)یە، بنگە و بناخە و چەمک و کۆڵەکەگەلێکە، کە پۆلیتیک(سیاسەت)ی لە سەر ڕاوەستاوە و واتای نەخشەدانان و بەرنامەڕێژی بۆ پێڕۆی پۆلیتیک دەگەیەنێت.

سیاسەت، کە دەکاتە دەسەڵاتداریەتیی و فەرمانڕەوایی و بڕیاردان، وەک چەمکێک لە هەموو جیهاندا تا ڕادەیەک یەک دەگرێتەوە و یەک واتای هەیە، بەڵام جیاوازیی لە چۆنیەتیی پیادەکردن و پێڕۆی ئەو دەسەڵاتداریەتی و فەرمانڕەوایەتییەدایە. ئەگەر لە وڵاتگەلێکدا، کە سیاسەتکارانی بە هەڵبژاردن دێنە سەر کار و قانوونێک بۆ فەرمانڕەوایی هەیە و خەڵک هەندێک ماف و هەندێک ئازادی ڕادەربڕین و گۆڕینی هەیە و


**سیاسەتکارانی وەبەر ئەو قانوونانە دەکەون و لەگەڵ خەڵکە ئاساییەکدا هێندە جیاوازییان نییە و سیاسەتکردن و دەسەڵاتگرتنەدەست، کارە وەک هەموو کارێکی دیکە و پیشەیەکە و هونەری بەڕێوەبردنی دەوڵەتە و ئەو جۆرە هەڵسوکەوت و سیاسەتکردنە بووە بە نەریتێک و ئەو وڵاتانە بوون بە خاوەن فەرهەنگێکی سیاسی لە فەرمانڕەوایی و دەسەڵات و کارگێڕی و دەوڵەتدا و سیاسەت بڕێک لە مەیتەریەتی دوورکەوتووەتەوە، ئەوا لە وڵاتگەلێکی وەک ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە عیراق و کوردستانیشەوە ، سیاسەت لەکن سیاسەتکار و دەسەڵاتداران، هێشتا مەیتەریەتییە. سیاسەت لەو وڵاتانە و هاوشێوەی ئەو وڵاتەنە ، هونەری فرتوفێڵ و پاشقوللێدان و فریودان و هەڵخەڵەتاندنی خەڵکە. سیاسەت لەو وڵاتانە، پێڕۆی "گێزەر و تێلا" و"گیسکەی هەیاس"ە.**

**تەماشاکردنی سیاسەت، وەک هونەری فریودان و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک و تەماشاکردنی سیاسی و دەسەڵاتدار، وەک کەسێکی جیاواز لە خەڵک و مەزنتر لە خەڵک، لە ڕۆژهەلاتی ئیسلامیدا، کە کوردیش لە دێرزەمانەوە بەشێکە لێی[1]، هەر لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان(معاوية بن أبي سفيان)ەوە، هاتە گۆڕێ و بوو بە فەرهەنگ و نەریتێک. موعاویە، بەوە ناسرابوو، کە فرەزان و فێڵباز و کڵاوچی و زمانلووس و درۆزن و دووڕوو و خاپێنەرە و لە بنەوە کاری خۆی دەکات و زمان و کردەوەی لەیەکەوە دوورن. لەو دەمەوە ئیدی خەلیفە، سوڵتان، میر، شا، سەرۆک و تەواوی ئەو سیاسەتکارانەی دەسەڵات دەگرنە دەست و دەنیشنە سەر تەخت و دەبنە دەسەڵاتدار، هەموو نوێنەری دەسەڵاتی ڕەها(خودا) و سێبەری وی بوون لە سەر زەوی و هەر لەوێ ڕا، دەسەڵاتدار لە خەڵک دوورکەوتەوە و بوو بە کەسێکی تایبەت و کەوتە ژینگەیەکی تایبەتەوە و کۆمەڵێک تایبەتمەندی بۆ ساز کرا و ژیانێکی جیاوازی لە ژیانی خەڵک بۆ دەستەبەر کرا. ئەو سیفەتانە لەو دەمییەوە، لەو دەڤەرەی، کە کوردیش بەشێکیەتی، بوون بە سیفەتی مرۆڤی خاوەن دەسەڵات و سیاسەتکاری نێو دەسەڵات. هەر سیاسەتکارێکی دەسەڵاتدار و گرێدراوی دەسەڵاتی وڵاتانی ئێمە خاوەنی ئەو سیفەتانە بێت، زۆرینەی خەڵک بە زیرەک و زانا و لێهاتووی دەزانن و ئەوەیشی، ئەگەر تاکەتاکەیەک هەبێت وا نەبێت و پێچەوانەی ئەوە بێت، زۆرینەی خەڵک بە بوودەڵە و سیاسەتنەزان و لاوازی دەزانن. کام سیاسەتکار فرتوفێڵی زۆرترە و زمانلووسترە و خێراتر و لێزانانەتر دەکارێت خەڵک فریو بدات، زۆرینەی خەڵک ئەو کەسە بە سیاسی دادەنێن. زۆرینەی خەڵک، کە باسی ئەو جۆرە سیاسیانە دەکەن دەڵێن:"بەڕاستی فلانەکەس سیاسییە" و بە کارەکەیشی کە دەیکات دەڵێن:"ئەوەیە سیاسەت". ئەو پەسنانە گەلێک جاران لەکن خەڵک دەبێسرێن و دەگوترێنەوە.**

**یەکێک لەو سیاسییە یا سیاسەتکارانەی وڵاتی ئێمە، کە بەڕاستی ئەو پێناسە ڕۆژهەڵاتییە کوردییەی سیاسی و سیاسەتکارە دەیگرێتەوە و پڕبەپێستیەتی، جەلال تاڵەبانییە.**

---

[1] کورد، هەر وەک بەشێک بووە لە فەرمانڕەوایەتی ئیمپراتۆریای فارس، هەر لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتتابیشەوە، بەشێک بووە لەو دەوڵەتە(ئیسلامی و عوسمانی و عەرەبی )یانەی کە فەرمانڕەوا و خاوەن دەسەڵات بوونە لەو دەڤەرەدا و ژێردەستە و پاشکۆی ئەوان بووە و هەرگیز و بە درێژایی مێژوو بۆ خۆی، خاوەنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ نەبووە. ئەو میرنشیانەیشی، کە هەبوونە پاشکۆ و گرێدراوی ئەم زلهێز یا ئەو زلهێزی دیکە بوونە و میر و فەرمانڕەوایانیشی لە باشترین ڕەوشدا پیاوی ئەم دەوڵەت و نووکەری ئەوی دیکە بوونە.



**لە شێوەی پرۆفایەلێکدا، واتە پێناسەکردن و خوێندنەوەی کەسێک، لە گوتارێکیدا بە نێوی "بەهرەی دەسەڵات (A gift for power)، لە بارەی جەلال تاڵەبانییەوە، لە گاردیان(The Guardian)ی لەندەنیدا، جۆن لی ئەندەرسن(Jon Lee Anderson)[2]، بە وشە و ڕستە وێنەیەکی تاڵەبانی دەکێشێت و پێناسەیەکی کەسیەتی ئەو دەکات و کۆمەڵێک وردەکاری لەمەڕ دیرۆکی ژیانی پێشووی و ئێستای ئەوەوە دەخاتە پێش چاوی خوێنەر. ئەندەرسن لە پاریس و بەغدا و تاران لەگەڵ تاڵەبانیدا بووە و هاوڕێی گەشتەکانی بووە. گەلێک وردەکاری لەمەڕ ئەوەوە باس دەکات. کورتەیەک لە سەر ژیانی و چۆنیەتی بیرکردنەوەی و گۆڕانگەلێک، کە لە ژیانیدا ڕوویانداوە و شێوەی ژیانی ئێستای وەک سەرۆککۆماری عیراق و زۆری دیکەیش. ئەو وێنەیەی تاڵەبانی، کە ئەندەرسن لەو گوتارەیدا پێشانی دەدا و ئەو زانیارییانەی ئەو لە بارەیانەوە باس دەکات، ڕەنگە بۆ تۆ و منی کورد شتێکی نوێ و سەیروسەمەرە نەبن، لێ بۆ کەسێکی ئەورووپایی تا ڕادەیەک سەرنجڕاکێشن. ئەو بڕگانەی، کە بە ڕای من، هی ئەوەن مرۆڤ قسەیەکیان لە سەر بکات و دیتنێکی لە بارەیانەوە هەبێت، من وەک خۆیان، وەک ئەوەی نووسەری گوتارەکە نووسیونی لە نێو دوو کەوانەی گچکەدا دایاندەنێم و قسەی کەسانێکی دیکەی بێجگە لە نووسەری گوتارەکە، کە لە نێو گوتارەکەدان، ئەوانیس هەر وەک قسەکانی ئەندەرسن لە نێو کەوانە گچکەکاندا دادەنێم.**

**ئەندەرسن دەڵێت: "5ی نۆڤەمبەر، ئەو رۆژەی کە بڕیاری هەڵواسینی سەددام حوسەین درا، جەلال تاڵەبانی... بە سەردانێکی فەرمی لە پاریس بوو و لە هوتێلەکەی... لە سەر کورسییە فشوفۆڵ و تایبەتییەکەی دانیشتبوو و لە تەلەڤزیۆنێکی بەرینەوە تەماشای کەناڵی ئەلعەرەبییەی دەکرد، کە دادگاییەکەی پێشان دەدا و کە بڕیاری دادگا خوێنراوە، دوای چەند وشەیەکی بچڕبچڕ، تاڵەبانی هەڵسا و چووە ژووری خەوتنەکەی و یەکێک لە یارمەتیدەرانی وەدوویدا چوو و دوای کەمێک یارمتیدەر هاتە دەرێ و گوتی:" تاڵەبانی لە سەر کورسییەک دانیشتووە و چووەتە قووڵایی بیرکردنەوەوە".**

**تاڵەبانی، کە لە پاریس دەبێت، بە ژنەفتنی بڕیاری هەڵواسینی سەددام حوسەین تووشی نائارامی و شڵەژانێک دەبێت و تێکدەچێت و خۆی دەخزێنێتە ژووری خەوتنەکەیەوە و سەعاتێک لە سەر کورسییەک دادەنیشێت و بیر دەکاتەوە، بیرێکی قووڵ. تاڵەبانی بیرێکی قووڵی لە ڕابوردوویەکی هاوبەش و نان و نمەکێک کردوەتەوە، کە ڕۆژگاریک بە سەددام حوسەین و حیزبی بەعسەوەی گرێدابوون. لە هیچ کەس**

---

[2] جۆن لی ئەندەرسن(Jon Lee Anderson)، بەهرەی دەسەڵات(A gift for power)، ڕۆژنامەی گاردیان(The Guardian)ی لەندەنی، 9-2-2007. ئەندەرسن، یەکێکە لەو ڕۆژنامەوانانەی، کە لە حەفتەنامەی نیویۆرکەر(New Yorker)ی ئەمەریکاییدا کار دەکات و خاوەنی چەندین کتێبیشە لەمەڕ ئەفغانستان و عیراق.

شاراوە نییە، کە تاڵەبانی ساڵانێکی زۆری ژیانی هاوکار و دۆست و کەسێکی نێزیکی سەددام حوسەین و ڕێژیمی بەعس بووە. دۆستایەتی تاڵەبانی و بەعس دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سەردەمی فەرمانڕەوایی عەبدولکەریم قاسم. ئەودەمی تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد، دژ بە بزاڤی چەپ و سۆسیالیستی ئەو دەمە، هاوکار و هاوبیر و هاوخەم بوون لەگەڵ بەعس و عەرەبەنەتەوەییەکاندا. تاڵەبانی چەندین جار جەختی لە سەر کۆنەدۆستایەتی خۆی و بنەماڵەکەی و سەددام حوسەین و بنەماڵەکەی و باسی داڵدەدانی ژن و منداڵی "سەددام حوسەین"ی، کردووەتەوە. نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ "بارزان تکریتی"دا و خڕکردنەوەی چەندین کۆنەبەعسی لە دەوری خۆی و دەسەڵاتەکەی و گرنگیدانی پێیان و بوونی چەندین بەعسی و گرێدراوی بەعسیش لە نێو حیزبەکەیدا، هەموو نیشانەی نێزیکایەتی "تاڵەبانی'ن لە بەعسەوە. هەر لە دوای وەدەرکەوتنی تاڵەبانی و دەستەکەی لە پارتیی دیموکراتی کوردستان و سەرکردەیەتیی بارزانی و خۆگرێدانیان بە بەغداوە، ئیدی بەعس بە هەموو جۆرێک خزاوەتە نێو ئەو ڕێکخستنەیانەوە، کە هەر جارە و لە ژێر نێوێکدا خۆی داوەتە ناساندن و لە نێو خەڵکیشدا، چونکە هەر لە سەرەتاوە و تا ئەمڕۆیش جەلال تاڵەبانی ڕێبەری بووە، هەر بە جەلالی نێوی دەرکردووە. تاڵەبانی هێندە عاشقە بەعس بووە، تەنانەت ئەم حیزبەی ئێستایشی"یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان" لە پێتەختی دووەمی بەعس"دیمەشق" و بە دنەدان و کۆمەکی بەعسی سووریا و"حافز ئەسەد"ی سەرۆککۆماری سووریا دامەزراند. مۆرنەکردنی بڕیاری هەڵواسینی سەددام حوسەین و خۆخزاندنە ژووری نووستنەوە، شۆڕبوونەوە و داچۆڕانێکی تاڵەبانییە بە نێو مێژوویەکی هاوبەشدا لەگەڵ بەعس و "سەددام حوسەین"دا.

**ئەندەرسن دەڵێت: "ناساندنی سەرۆکە کوردەکەی عیراق کارێکی نەکردەیە. ئەو دۆستایەتی لەگەڵ ئەمەریکادا دەکات، بەڵام لەگەڵ ئێرانیشدا. بە خۆی دەڵێ ماویست وخاوەنی سامانێکی زۆریشە...مردنی سەددام، تاڵەبانی خستە بارێکی نائارامەوە...بە درێژایی ساڵان لەگەل هەموو کەسێکدا پێکهاتووە لە سەددام حوسەینەوە تا ئایەتوڵڵا خومەینی و هەردوو سەرۆک بووشەکان... لەوانەیە ئەو یەکێک بێت لەو خەڵکە کەمانەی جیهان، بە ڕاشکاوی دەتوانێت بڵێت، کە گۆنای کۆندۆلیزا ڕایز و مەحموود ئەحمەدینەژادی ماچ کردووە".**

پێناسەکردنی نەک هەر سەرۆکە کوردەکەی عیراق، بەڵکە هەموو مرۆڤێکی ئەم جیهانە، ئەوەی کە"لە سەر دوو زین دادەنیشێت" و هەموو مرۆڤێکی دووڕوو و زمانلووس و خاوەنی قسەی خۆنەبوو، کارێکی گەلێک دژوارە و تا ڕادەیەک نەکردەیە. تۆ کە نەزانیت ئەو کەسەی باسی دەکەیت لە چ خانەیەکدایە و چۆن بیر دەکاتەوە، ناتوانێت هەرگیز پێناسەی بکەیت. تاڵەبانی لەیەککاتدا، بتوانێت دۆستایەتی ئەمەریکا و ئێرانیش بکات و لەیەککاتدا بتوانێت ماویست و خاوەنی سامانێکی زۆریش بێت و لەیەککاتدا بتوانێت "ئەحمەدینەژاد"ی ئێران و "کۆندۆلیزا ڕایز"یش ڕابموسێت و بتوانێت دۆستایەتی "سەددام حوسەین" و "ئیمام خومەینی" و هەردوو سەرۆک "بووش"انی ئەمەریکا بکات و لەنێوان سەرانی تورکیا و "عەبدوڵڵا ئوێجالان" و لە نێوان حوکوومەتی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لە نێوان "حافز ئەسەد"ی سووریا و حیزبە کوردییەکانی سووریادا و لە نێوان دوو کۆمەڵەی کوردستانی ئێران و دوو دیموکراتی کوردستانی ئێراندا و لە نێوان بەغدا و تاران و ئەنکەرە و دیمەشقدا تەراتێن بکات و دڵی هەر هەموویان ڕاگرێت و ساڵانێک لە سەر خوانی "موعەممەر قەززافی" لیبیا میوان و بووبێت و دواییش قسەی پی بڵێت، لای خەڵکانێک کە سیاسەت لە چاوی مەیتەرێکەوە دەبێنن و پێیانوایە سیاسەت ئەمبەر و ئەوبەرکردنە و پێکەنینە بۆ هەمووان، ڕەنگە کارێکی ڕاست و دروست بێت، بەڵام ئایا وەها هەڵبەز و دابەزێک و گۆڕانێک لە کورتترین ماوەدا، لە دووڕوویی و ناسەقامگیریی بیروبڕوا و گاڵتەکردن بە خەڵک و بە ڕدێنی خەڵک پێکەنین زیاتر، شتێکی دیکە دەگەیەنێت! کەسێک لەیەککاتدادۆستی ئێران و ئەمەریکا بێت و لەیەککاتدا ماچی

ئەحمەدینەژاد و ڕایز بکات، کەسێکە دەتوانێت لەیەککاتدا لەگەڵ خوا و شەیتاندا و ئیمام حوسەین و یەزیددادۆستایەتی بکات!

یەکێک لەوانەی پێناسەیەکی زۆر ڕێکوپێکی جەلال تاڵەبانی کردووە، تەلال سەلمان(طلال سلمان)ی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەسسەفیر(السفیر)ی لوبنانییە، کە بە(الكردي التائە) واتە:"کوردی وێڵ" یا"وێڵەکورد" نێوی دەبات[3] و پێناسەیەکی هێندە ڕێکوپیکی کردووە، کە دروست لەگەڵ کەسایەتی بزۆز و بەرگۆڕی "تاڵەبانی"دا دێتەوە. لە ژێر سەردێڕی (ماموستا)یشدا، عەبد عەلی ئەلکەتبی(عبد علی الكتبي)، لە گوتارێکیدا لە بڵاوکراوەی ئەلمەجرەشە(المجرشة)دا، باس لە هەلپەرستی و ناڕاستی و زووگۆڕانی گوتار و کردەوەکانی جەلال تاڵەبانی دەکات و لە کەسێتی ئەو دەکۆڵێتەوە[4]. **ئەندەرسن دەڵێت:"تاڵەبانی، کە باسی جۆرج بووش دەکات وەک هاوڕییەکی خۆی نێوی دەبات".**

تاڵەبانی، لەگەڵ هەر کەسێکدا نانێکی خواردبێت، یا چاییەکی خواردبێتەوە، یا شتێک جووبێتە بەینیانەوە، ئیدی ئەم لە لایەنی خۆیەوە بە هاوڕێی دەژمێرێت، ئەگەر وا نییە، ئایا هیچ کەسێک لەم جیهانەدا هەیە"جۆرج بووش"ی سەرۆکی ئەمەریکا بە هاوڕێی خۆی بزانێت! نەک هەر جۆرج بووش، بەڵکە تەواوی سەرۆک و سیاسەتکارانی ئەمەریکا و ئەوروپا و زۆرینەی وڵاتانی جیهان، بێجگە لە وڵاتانی دیکتاتۆری و کەسپەرست و گەندەڵی ئەم جیهانە و لە پێش هەموویشیانەوە کوردستان و عیراق، لە کەسانێکی کارمەند و بەرپرسیار زیاتر هیچی دیکە نین. ئەوان نوێنەری سیاسەتی باڵاو و بەرژەوەند و ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەیی وڵاتەکانی خۆیانن و هەرگیز لە جوغزی هێڵە گشتییە ستراتیژییەکانی سیاسەتی وڵاتەکانیان نەدەتوانن دەرچنە دەرێ و نە بۆ خۆیشیان دەیانەوێت بیبەزێنن. وەها کەسانێک لە کونی دەرگای وڵاتەکانی خۆیانەوە و لە کونی دەرگای سیاسەتەباڵا و بەرژەوەندەباڵاکانی خۆیانەوە دەنۆڕنە تەواوی جیهان. وەها کەسانێک هاوڕێیەتیی نازانن و ئەگەر هەر بیشیزانن لەگەڵ هاوتا و هاوشانی خۆیاندا هاوڕێیەتی دەکەن.

**ئەندەرسن دەڵێت:"موەففەق ئەرڕوبەیعی گوتی: "تاڵەبانی کەسێکە پێناسەکردنی گەلێک سەختە. ئەگەر تۆ ئیسلامی بیت ئەو ئایەتی قورئانت بۆ دەهێنێتەوە. ئەگەر تۆ مارکسیست بیت ئەو باسی تیۆری دیالیکتیکی مارکسی– لێنینی و دیکارتت بۆ دەهێنێتەوە"... ڕوبەیعی بە پێکەنینەوە دەڵێ: "ئەو توانستیکی سەیری هەیە لەوەی، بە چەند وشەیەکی کەم بە چەند زمانێکی جیاواز قسان بکات. ئەو زۆری چیرۆک و نوکتە لایە بۆ گێڕانەوە. تا بڵێی سەخییە و وا دەرەوتارێت وەک ئەوەی بڵێی سبەینێ نییە"... ڕوبەیعی باسی ساڵانی 1960ەکانی هینایە گۆڕێ، ئەو کاتەی تاڵەبانی هاوپەیمان بوو لەگەڵ سەددامدا: "ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو دۆستێکی زۆر باشی سەددام بوو و دواییش بوو بە دوژمنی. تاڵەبانی زیاتر لە دووجاران نێوانی لەگەڵ سەددامدا خۆش بووە"... ئەرڕوبەیعی ئەو هەڵوێستەی تاڵەبانی بە کردەیی (پراگماتیک) دادەنا".**

**موەففەق ئەرڕوبەیعی، هەرچەندە بیروڕای خۆی لە بارەی تاڵەبانییەوە دەخاتە چوارچێوەی پەسندان و وەک زیرەک باسی دەکات، بەڵام لە نێوان دێڕەکانیدا قسەکانی یەک مەبەست دەئەنگاوێت ئەویش چەندڕوویی و بێباریی و زووگۆڕانی تاڵەبانییە. تاڵەبانی لەگەڵ سوننەدا خاوەنی تەکیەیە و سەر بە ڕێبازی قادرییە و لەگەڵ شیعەیشدا هەمیشە نێوی عەلی"ئیمام عەلی"[5] لە سەر زارە و لەگەڵ موسوڵماندا موسوڵمانە و بە**

---

[3] سلمان، طلال، الكردي التائە، السفير، 1991/6/29.

[4] الكتبي، عبد علي، ماموستا، المجرشة، العدد 12، تشرين الاول 1993.

[5] دەگێڕنەوە کە لەسووریا بووە، لە هەموو هەڵسان و ڕوونیشتنێکێدا لەبەر خاتری خێڵی" ئەسەد"ی سەرۆککۆمار و دەستەی عەلەوی دەسەڵاتداری سووریا، تاڵەبانی هەمیشە نێوی ئیمام عەلی لە سەر زار بووە

ئایەتی قورئان وەڵام دەداتەوە. لەگەڵ مارکسیستانیشدا بە ماتریالیزمی دیالێکتیکی و دیکارت، بەڵگە بۆ قسە و بیروڕای خۆی دەهێنێتەوە. ئەڕروبەیعی بە پێکەنینەوە باس لەوە دەکات، کە تاڵەبانی بە وشەگەلێکی کەمی چەند زمانێکی جیاوازەوە دەکەوێتە دەمەتەقە و گوتوبێژ و پێیوایە تاڵەبانی پیاوێکی زۆر دەستبڵاو و سەخییە و تەنێ بۆ ئەو ڕۆژەی کە تێیدایە دەژی. کەسێک کە ئێستا قسەیەک بکات و دوای کەمێک لێی پەشیمان ببێتەوە یا بەشێکی زۆری ئەو زمانانەی دەیزانێت و ئەو گەنجینە وشەیەی بە زمانێک هەیەتی تەنیا بۆ پەسندان و نەڕەنجاندنی دڵی ئەم و ئەو بەکار بہات، پێویستی بە زمانی بەهێز و وشەی زۆر نییە، چونکە ئەوەی ئەو دەیەوێت و دەیڵێت بە وشەگەلێکی کەم ئەنجام دەدرێت و ئەو جۆرە گوتانەیش لە هەموو سەردەمێکدا و بۆ هەموو بۆنەیەک و لەگەڵ هەموو کەسێکدا دەشێ بەکار ببرێت. هەرچی دەستبڵاوی و سەخییەتی تاڵەبانییە، ڕەنگە شتێکی سەیر نەبێت، چونکە ئەو بە پارەوپووڵی خۆی وەها سەخییەتییەک نانوێنیت، بەڵکە کورد گوتەنی"پیاوەتی بە ئاوی حەمامەوە دەکات". ئەو بە پارەی خەڵکەوە سەخییە. تاڵەبانی ئەگەر تەنیا بۆ ئەو ڕۆژەی تێیدا دەژی ژیابا، هەرگیز نەدەبووە خاوەنی ئەو هەموو سامانە، کە ڕەنگە بۆ خۆیشی ژمارەی نەزانیت. مرۆڤێک تەنیا بۆ ڕۆژیک بژی، نابێتە خاوەنی چەندین کۆشک و تەلار و بەتەمای دروستنی هی دیکەیش نابێت. تاڵەبانی بێجگە لە کۆشکەکانی قەڵاجوالان و دووکان و دەباشان، باس لەوە دەکرێت کە لە ئەنکەرە و شام و لەندەن و جێی دیکەیش خانووی هەبێت و بەتەمایشە لە ئیستەنبوولیش هەیبێت. کەسێکی ئەوتۆیی کەسێک نییە، کە بۆ یەک ڕۆژ بژی و بیر لە سبەینێ نەکاتەوە، بەڵکە کەسێکە هەرگیز چاوەڕوانی مردن ناکات و خۆی بۆ هەزاران سبەینێ و چەندین ساڵی دیکەیش هەڵگرتووە. ئەڕروبەیعی هەڵویستی تاڵەبانی لە پێوەندی چەندجارەی و قرتاندنی لەگەڵ سەددام حوسەیندا بە کردە (پرگماتیک) یی ئەو دادەنێت. ڕەنگە تاڵەبانی پیاوێکی کردە و پراگماتیک بێت، بەڵام پێوەندی ئەو و سەددام حوسەین، پێوەندی دوو کەسی هاوتا و چوونیەک نەبووە، بەڵکە پێوەندی کەسێکی پاشکۆ و چاوڕوانی دەستی خەڵک و هەڵواسراو و پاشکۆی دەسەڵات و کەسێکی دیکەی زلهێز و دەوڵەمەند و خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕەها بووە. تاڵەبانییەک، کە مووچەی لە سەددام حوسەین وەرگرتبێت و پاشان لەگەڵیدا قرتاندبێتی و مووچەبەخشێکی دیکەی دۆزیبیتەوە و تەنیا خوان و خانەخوێیەکانی گۆڕیبێت، ئەوە تەنێ ئاغاگۆڕینە و هیچی دی، کوا بەوە دەگوترێ کردەیی. وەها کردەییەک زۆرێک لە خەڵکی ئەو وڵاتانەی کوردستان و عیراق، دەیزانن و تێیدا گەلێک کاران!!!

**ئەندەرسن دەڵێت: "تاڵەبانی و خەلیلزادی سەفیری ئەمەریکا بە شێوەیەکی بەرنامەبۆدانراو لە سەر خوانی سەروپێخواردن مانگی دووجاران کۆدەبنەوە...تاڵەبانی بارە ماستی کوردی، پەنیر، هەنگوین و شیرینی دەستکرد، بۆ باڵیۆزە دەرەکییەکان وڕێبەرە سیاسییەکان دەنێرێت".**

تاڵەبانی زۆر لەمێژە بەوەی، کە هەمیشە حەزی لە خواردن و خوانی تژی و چەور ڕازاوەیە، نیوبانگی دەرکردووە. ئەگەر لەگەڵ خەلیلزادی باڵیۆزی زلهێزترینی جیهاندا سەروپێ و گیپە نەخوات دەبێ لەگەڵ کێدا بیخوات! تاڵەبانی بە هاوسەروپێیەتی خەلیلزاد و بە هەناردنی بارەماست و پەنیر و شیرینی و هەنگوینی کوردستان بۆ دۆستە دەسەڵاتدارەکانی و بۆ ڕێبەرە سیاسییەکان و باڵیۆزانی وڵاتە دەرەکییەکان، ڕێک وەک بەڵێندەرەکان دەکات، کە چۆن بە دیاری و بە خوانی پڕ، دڵی ئەندازیار و بەرپرسانی کارگێڕییەکانی، کە کارەکانیانی لەکنە نەرم دەکەن. ئەمەی تاڵەبانیش دەمچەورکردنی ئەو خەڵکانەیە.

**ئەندەرسن دەڵێت:"...مەحموود عوسمان، کە ئەندامێکی کوردی پەرلەمانی عیراقە و لە تاڵەبانییەوە نزیکە، لەو هەموو مەسرەف و گەندەڵی و ڕەوشتنزمیی و ناپاکی ئەو حوکوومەتە سەری سووڕدەمێنێت و دەڵێت:"حوکوومەت چۆن چاوەڕوانی ئەوەیە ڕێزی لێ بگیرێت، لە کاتێکدا، کە ئەو خۆی شاردووەتەوە. سەرکردەکان لە کۆشکەکانی سەددامدا و لە دەڤەری کەسک دەژین و هەرگیزیش ناچنە دەرێ. سەرۆکی**

**حوکوومەت و سەرۆککۆمارحیسابی کراوەیان هەیە و دەستیان کراوەیە و بە ئارەزووی خۆیان دەتوانن لە مانگێکدا لە میلیۆن زیاتر دۆلار سەرف بکەن. من پێموایە گەندەڵی یەکجار بەربڵاوە وگشتگرە و لە سەری سەروەوە دەستپێدەکات...تەواوی ئەمانە دژی ئەو واقیع و ڕاستییەن، کە خێزانی سەربازێک یا پۆلیسێکی کوژراو لە مانگێکدا تەنیا 100 دۆلار مووچەی خانەنشینی وەردەگرن".**

**دۆکتۆر مەحموود عوسمان، کە سیاسییەکی لەمێژینە و سەردەمگەلێکی فرە و جیاوازە، تا ڕادەیەک گەلێک جاران ڕاشکاوانە قسەی خۆی دەکات و بۆچوونەکانی بە گوێی خەڵکدا دەدات. لەم ڕایەیشیدا هیچ ناڕاستییەکی نەگوتووە. ئەو حوکوومەتەی گوایە فەرمانڕەوای عیراقە و ئەو جەلال تاڵەبانییەی گوایە سەرۆککۆماری عیراقە، تەواوی دەسەڵاتەکانیان تەنێ لە نێو بازنەی "دەڤەری کەسک (المنطقةالخضراء)"دایە، کە بە دەیان هەزار چەکدار و پاسەوان و نوێترین ئامێری چاودێریکردن و هۆشیارکردنەوە و تەکنۆلۆژیای نوێی ئەمەریکا دەورە دراوە و دەپارێزرێت. ئەوان لەو دەڤەرە خۆیان حەشار داوە و نە کەس دەیانبینێت و نە دەرودەشت دەکەن. حوکوومەت و دەسەڵاتدارانێک ئەوە حاڵیان بێت، دەبێت خەڵک چ ڕێزیکی بۆیان هەبێت و بۆ دەبێ چاوەڕوانی ڕێزی خەڵک بکەن! چما ئەوان چییان بۆ خەڵک کردووە تا خەڵک بە ڕێز پاداشتیان بداتەوە! لە هیچ وڵاتێکی جیهاندا، هیچ سەرۆککۆمار و سەرۆکی حوکوومەتێک نابینیتەوە، کە دەستیان کراوە بێت و بتوانن لە مانگێکدا لە یەک میلیۆن دۆلار (1000000000$) پتر، تەنێ بە ناوی ئەوەی سەرۆک و مەرۆکن، خەرج بکەن. خەرجکردنی ئەو میلیۆنە لە لایەن تاڵەبانی و سەرۆکی حوکوومەتەکەیەوە لە مانگێکدا، پارەیەکە سەرباری وەرگرتنی مووچەیەکی هاوتای ئەو پارەیە، کە ئەویش دیارە لە میلیۆن کەمتر نییە. ئەمەی، کە بۆ تاڵەبانی و سەرۆکی حوکوومەتەکەی و تەواوی دەسەڵاتدارانی عیراق و کوردستان لواوە، بۆ هیچ دەسەڵاتدارێکی سەر ئەم زەوییە نەلواوە[6]. ئەمان لە میلیۆن پتر دەتوانن خەرج بکەن، لێ خێزانی سەرباز و پۆلیسێکی کوژراو تەنێ 100$ لە مانگێکدا وەردەگرن، ئەویش بە چ حاڵێک! ئەمەی تاڵەبانی و دارودەستەکەی و هەموو ئەوانەی دەستەڵاتدارن لە عیراق و کوردستاندا، وەک مووچە یا وەک هەرچی وەری دەگرن، پارەوپووڵی ئەو خەڵکە هەژارەی عیراق و کوردستانە. پارەوپووڵی ئاوی خواردنەوە و ئەلەکتریک و سووتەمەنی و گەرمکەرەوە و فێنککەرەوە و دەرمان و خوێندکار و خوێندنگە و نەخۆشخانە و خەڵکانی پاشماوەی ئەنفال و ئاوەدانکردنەوەی گوند و بێکار و بێیانە و میلیۆنان ستەمدیدە و خەڵکی شەکەت و قەلەندەری ئەو وڵاتەیە. ئەمان لەبری نۆکەری و جلخوارییان وەری دەگرن و چەندە گۆشتی بەراز بۆ جوویەک و موسوڵمانێک حەرامە، ئەو پارەوپووڵەیش ئەوندە و گەلێک پتر بۆ تەواوی ئەو دەسەڵاتدارانە حەرامە، چونکە ئەوە پاروەنانی خەڵکە و ئەمان لە گەرووی ئەو خەڵکەی دەردێنن و دەیکەن بە گەرووی خۆیاندا و ورگی خۆیانی پێ ئەستوور و قەبەتر دەکەن. ئەوەی دۆکتۆر مەحموود عوسمان لەمەڕ گەندەڵی و ڕەوشتنزمی دەسەڵاتەوە دەیڵێت، گەلێک ڕاست و دروستە و مایەی سەرسووڕمانی هەموو کەسێکیشە، بەڵام "دۆکتۆر مەحموود عوسمان" بۆ خۆیشی لەو دەسەڵاتە بۆگەنەی عیراق بەدەر نییە و ئەویش ئەندامی پەرلەمانێکە، کە پشتیوانە و کۆڵەکەی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵەیە. کەسێک ئەگەر باس لە گەندەڵی و ڕەوشتنزمی و دزی و ساختەکاری دەسەڵات بکات و بۆ خۆی بڕوای پێ نەبێت و لەگەڵیدا نەبێت و دژی بێت، دەبێت هەرجی وردەکاری و پاشخان و شاراوەیی و نهێنێکی ئەو دیاردانە بۆ تەواوی خەڵک ئاشکرا**

---

[6] کۆندۆلیزا ڕایز(Condoleezza Rice)ی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، کە وەزیری دەرەوەی زلهێزترین و تاکە زلهێزی ئەمرۆی جیهانە،مووچەی ساڵانەی(186000) دۆلارە، کە مانگانەکەی دەکاتە(15500) دۆلار!! تاڵەبانی لە گەشتونیوێکیدا ئەو مووچەیەی ڕایز بە سەر هاوگەشتەکانیدا دەبەشێتەوە. لەمەڕ مووچەی "ڕایز"ەوە، بنۆڕە ماڵپەڕی (www.awwene.com).

بکات و هەموو پاشەڵپیسی دەسەڵات و گەندەڵییەکانی بخاتە ڕوو و لەقاو بدات و باکی لەوە نەبێت، کە لە سەر کار و پۆستەکەی لادەدرێت و خانوو و مووچە و سامانێکی خراوەتە بەردەستی لێی دەسێندرێتەوە. نەکردنی وەها کارێکیش لە لایەن هەر بەشداربوویەکی دەسەڵات و ئاشکرانەکردنی نهێنەکان و بەردەوامبوون لەدەسەڵاتدا، نیشانەی چاولێخەواندن و گوێیخۆلێکەڕکردنە لەوەی ڕوودەدات و پەرۆشی نەدۆڕانی تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتە لە پارەوپووڵەوە تا پۆست و ناونیشان.

**ئەندەرسن دەڵێت:"...لە کاتێکدا کە ژمارەیەکی زۆری کوردی توانا وخاوەن ئەزموون هەن، کەچی بەشێک لە پۆستە گرنگەکانی نێوحوکوومەتی بەغدا، ئەوانەی، کە وەبەر کورد کەوتوون، ژمارەیەکیان دۆست وخزمی تاڵەبانیین".**

حوکوومەت و دەسەڵات و تەواوی پۆست و کار و کارگێڕییەکی گرنگ و بەرپرسیاریەتییەکی، نەک هەر عیراق بەڵکە کوردستانیش، سەرانی ئەو وڵاتە لە نێوان خزم و کەسی نێزیکی خۆیاندا بەشیویانەتەوە. ئەوان پێیانوایە کەس لە خۆیان و کەس و خزمی خۆیان، شایستەتر نییە بۆ ئەو جۆرە کارانە. ئەگەر لەتیف ڕەشید، ژنخزم و قوباد تاڵەبانی کوڕ و شاناز ئیبراهیم ئەحمەد ژنخزم و بافیل تاڵەبانی کوڕ و ئاراس شێخ جەنگی برازا و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ژنی تاڵەبانی بن، ئەوا کچی 'فوئاد مەعسووم"یش وەزیرە و خاڵ و برازا و کوڕی "مەسعوود بارزانی"یش وەزیر و سەرۆکی حوکوومەت و بەرپرسی دەسگای" ئاسایش"ن. ئەوڕۆ لەو وڵاتەدا تەماشای هەر دەسەڵاتدار و لەتەڕووناکبیر و لەڕووناکبیرچوو و مشەخۆرێکی نێو لەوەڕگەی دەسەڵات دەکەیت و هەر بەرپرسە خوێڕیلەیەک دەبینیت، هەموویان کەس و خزمانی خۆیان لە خۆ خڕدەکردوونەوە. دەبینیت چەند براز و خوشکەزا و پوورزا و شتەزای خۆیان لەخۆ خڕکردوونەوە و کردوونیانن بە سکرتێر و شۆفێر و پاسەوان و شیولێنەر و دەرگاوان و شتی تریش....ئەوان باس لە 'کۆمەڵگەی مەدەنی" و "دیموکراتی" و "هەڵبژاردن" و "ئازادی" و "سەروەری قانوون" دەکەن و فشە بە زانین و فەرهەنگ و قسەی چوارپاڵووی نێو کتێبان دەکەن، بەڵام مێشک و بیرکردنەوە و کردەوەیان لە بازنەی بیرکردنەوە و گوتار و ڕەوتای خێڵ دەرباز نەبووە و هەر لەو بازنەیەدا دەخولێنەوە.

**ئەندەرسن دەڵێت:" ...تاڵەبانی لە ساڵی 1961دا چووە ڕیزی ئەو بزاڤە چەکدارییەی بارزانییەوە. دوای سێ ساڵ تاڵەبانی لە بارزانی جوێ بووەوە و وەگەڵ ئەو دەستەیە کەوت، کە ئیبراهیم ئەحمەد دایمەزراندبوو و لە بارزانی جودا بووبووەوە....دوای کوودێتای بەعس لە 1968دا تالەبانی بوو بە هاوکاری سەددام، کە ئەودەمی جێگری سەرۆککۆمار بوو و پەیمانی لەگەڵدا بەست، بۆ ئەوەی پترماف بۆ کورد وەرگرێت و کۆمەک وەرگرێت بۆ شەڕکردن دژی بارزانی، تەنیا بۆ سڕینەوەی و لەنێوبردنی، کاتێک سەددام لا(سەنگەر)ی گۆڕی. ئەوە سەرەتای ناکۆکی و ناتەبایی بەردەوام و لە دوای یەکتر و کەرتبوونی نێو بزاڤی یاخیبوونی کورد بوو، کە تاڵەبانی بەرپرسیاریەتییەکی زۆری ئەوەی دەکەوێتە سەر و بەو کارەیشی لەو دەمەدا سەددامی بەهێزتر دەکرد...".**

کە بزاڤی چەکداریی کورد، بە نەخشەسازیی و دنەدانی ساواک و جێبەجێکردنی ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی و دەستەکەیان، لە 1961دا دەستیپێکرد و نێوی "شۆڕشی ئەیلوول"ی لێ نرا، تاڵەبانی تەنێ دوو ساڵ و چوار مانگێک بەشداری ئەو شۆڕشەی کرد(سێپتەمبەری 1961– جەنیوەری 1964)، چونکە لە فێبریوەری 1964دا ئیدی تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەدی مامۆستای و چەند کەسێکی دیکە لەو شۆڕشە و سەرکردەیەتیی بارزانی ترازان و خزانە ئامێزی ساواک و دواتریش عەرەبەنەتەوەیی و بەعسییەکانی عیراقەوە و ساڵانێکی زۆر چەکدار و پاسەوانی ڕێژیمی هەردوو عارف و بەعسی بەغدا بوون و لە خزمەتیاندا بوون و دژایەتیی هەموو خواستێکی کورد و کوردستانییان دەکرد. تاڵەبانی لەو ماوەیەی بەغدای نەک هاوکار، بەڵکە داردەستی ڕێژیمی بەعس بوو. مەبەستی سەرەکی تاڵەبانی و دەستەکەی لەو هاوکارییەیاندا لەتەک ڕێژیمی

بەعس و سەددام حوسەیندا، مافوەرگرتن نەبوو بۆ کورد، بەڵکە تەنیا بۆ شەڕکردن دژی بارزانی و بۆ سڕینەوە و لەنێوبردنی بارزانی بوو و هیچی تر. نەک بەرپرسیاریەتییەکی زۆر بەڵکە تەواوی بەرپرسیاریەتیی ئەو کەرتبوونەی، ئەوێ ڕۆژی لە بزاڤی چەکداری و سیاسی کورددا، هاتە گۆڕێ و کە تا هەنووکەیش بەردەوامە و درێژەی هەیە، لە ئەستۆی تاڵەبانی و دەستەکەی و حیزبەکەیدایە و ئەوان هێزی هاوپشت و بەهێزکەری لەشکر و حوکوومەت و بەعسی عیراق بوون، لە کاتێکدا ئەدەمە هیچ هێز و گرۆ و ڕێکخستنێکی دیکەی نە عیراقی و نە کوردستانی لەگەڵ ڕێژیمی بەعسدا نەبوو و تاکە کەواسووری بەر لەشکری بەعس، حیزبی جەلالی بوو.

**ئەندەرسن دەڵێت:"تاڵەبانی مارکسیست بوو و دواتر ماویست".**

مارکسیستی و ماویستی تاڵەبانی لە سەردەمێکدا بوو، کە لەبەغدای پێتەختی بەعس و لە پەنای دەسەڵاتێکی نەتەوەیی عەرەبیدا بوو. ئەو دەسەڵاتە خەڵکی مارکسیست و ماویست و چەپی عیراقی ئەودەمەی لە ڕەگەوە دەردەهێنا و وڵاتی لێ بژار دەکردن، لێ ڕێگەی بە تاڵەبانی و شاگردانی دەدا، کە خۆ بە مارکسیست و ماویست بدەنە ناسین و مارکسیزم و ماویزمێکی جاشبەعسییانە لە کوردستاندا پەخش بکەنەوە و جاشیزم بئایدیۆلۆژێنن. تۆ ئەگەر تەماشایەکی مێژووی سیاسی تاڵەبانی بکەیت، زۆر بە ڕوونی بۆت دەردەکەوێت و لات ئاشکرا دەبێت، کە ئەو بە زار هەرچییەکی گوتبێت، بە دڵ و بە مێشک و بە ڕەوتاریش جۆرێکی دیکە هزریوە و ڕەوتیوە. ئەو ئەگەر سەرزارەکی مارکیسیست و ماویست بووبێت، لە ڕاستیدا پیاوێکی ماکیاڤیللی (Machivelli)ست بووە. پەرتکردنی تەواوی حیزب و ڕێکخراوە کوردی و کوردستانییەکان و لەتکردنی مێشکی مرۆڤی کورد، پرۆژەیەک بووە، لە سەر بنەمای تیۆری "پەرتکە و زاڵبە"ی ماکیاڤیللی چێکراوە و جێبەجێکاری سەرەکی ئەو پرۆژەیەیش تاڵەبانی بووە.

**ئەندەرسن دەڵێت:"...27ی نۆڤەمبەر تاڵەبانی چوو بۆ تاران. لە فڕۆکەکەدا، کە چەندین ڕۆژنامەوان و وێنەگر و وەزیری تێدا بوون، لە پێش نیشتنەوەدا لە تاران، یەکێک لە منداڵە یارمەتیدەرەکانی تاڵەبانی هاتە خوارێ بۆ نێو ڕاڕەوەکە و هەرکەسە و فۆرمێکی دایە دەست بۆ مۆرکردنی. فۆرمەکە بە عەرەبی نووسرابوو و لەوە دەچوو فۆرمێکی گرنگی فەرمی بێت. من مۆرم کرد و لە ئەنجامی ئەوەشدا زەرفێکی قەبەی دایە دەستم و ڕۆیشت. لە زەرفەکەدا 20 سەددۆلاری هەبوون(واتە: 2000 $). دوای دابەزینمان، من لە یاریدەرەکەی تاڵەبانیم پرسی، کە ئەو پارەیەی بۆچی بە من داوە. ئەو گوتی: "ئەوە دیاری سەرۆکە"، من سوپاسیم کرد، لێ پێمگوت، کە من ئەو پارەیە وەرناگرم و زەرفەکەم دایەوە دەستی. ئەو زۆر پەشۆکاو هاتەبەرچاو. یەکێک لە یاریدەرە گەورەساڵەکان ئەو قسە و ڕوونکردنەوەیەی منی لەمەڕ"ئاکاری ڕۆژنامەوانی" یەوە بۆ وەرگێڕا، کە زیاتر واقوڕماوانەتر خۆی نیشان دا. یاریدەرە بەتەمەنەکە زەرفەکەی خۆی کردەوە و بە دەم فیکەکێشانەوە 50 سەددۆلار (5000$)ی ژمارد و بە دەنگێکی بەرز گوتی: "پێموایە هێندەی وەزیرەکانیشی داوەتە من. تۆ دەزانیت ئەو ئەم پارەیەی دەیبەشێتەوە هی خۆیەتی"، لە هەموو سەفەرێکیدا تاڵەبانی پارە بە سەر هەموو ئەوانەی لە فڕۆکەکەدان بە پاسەوانان و کارگەرانی فڕۆکەکە و فڕۆکەوانەکەیشەوە دەبەشێتەوە. ئێمە کە لێکماندایەوە گەیشتینە ئەوەی، کە تاڵەبانی لە ماوەی ئەو سەعاتەی سەفەرەکەیدا نێزیکەی 100000 دۆلاری بەشیوەتەوە".**

ئەندەرسن بە وەرگرتنی 2000$ لە زەرفێکدا لە یاریدەرە مێرمنداڵەکەی تاڵەبانی، سەری سووڕدەمێنێت و بە کارێکی سەیری دێتە بەرچاو. یاریدەرە گەورەساڵەکە بە وەرگرتنی 5000$ شاگەشکە دەبگرێت و لە خۆشیاندا دەنگ بەرز دەکاتەوە و دەڵیت، کە ئەویش هێندەی وەزیرەکانی وەرگرتووە. دیارە وەزیرەکانیش 5000$ و زیاتریان وەرگرتووە. ئەندەرسن باس لە ئاکاری ڕۆژنامەوانی بۆ یاریدەرە مێردمنداڵەکە دەکات و پارەکە وەرناگرێت و دەیگێڕێتەوە، بەڵام یاریدەرە مێردمنداڵەکە ئەوەی تێی ناگات ئەو "ئاکار"ەیە، دیارە

**نەک هەر ئەو، سەرۆکی ئەو یاریدەرە مێرمنداڵەیش لەو"ئاکار"ە تێناگات، چونکە ئەگەر تێگەیشتبا ئەو پارەی وەها نەدەبەشییەوە بە سەر خەڵکانێکدا، کە نە دەرۆزەکەرن و نە پێویستیان بە پارەیە. یاریدەرە گەورەساڵەکە باس لەوە دەکات، کە ئەو پارەیەی تاڵەبانی دەیبەشێتەوە پارەی خۆیەتی. ئەندەرسن دەڵێ، تاڵەبانی لە هەموو گەشتەکانیدا پارە بە سەر هەموو پاسەوان و کارگەرانی نێو فڕۆکە و فڕۆکەوان و تەواوی ئەوانەی لە فڕۆکەکەدان دەبەشێتەوە و دەشڵێ، کە تەنیا لە ماوەی ئەو گەشتەی ئەم(ئەندەرسۆن)ی لەگەڵ بووە، تاڵەبانی نێزیکەی 100000$ی بەشیوەتەوە. پارەبەشینەوەی تاڵەبانی بە سەر ئەو جۆرە خەڵکانەدا خوو و ئاکار و ڕەوشتێکە، لە فەرهەنگی بەرتیل و دەمچەورکردنەوە، کە فەرهەنگی جامباز و بەڵێندەر و کارمەندی مشەخۆر و بەرپرسی کارهەڵنەسووڕێنەر و چاولەدووی پارەوە ماوەتەوە. لە فەرهەنگێکەوە ماوەتەوە، کە بە بەرتیل هەموو کارئاسانییەک دەکرێت و بەدەمچەوورکردن هەموو کارەکانت جێبەجێ دەکەیت[7]. ئەمە فەرهەنگی کڕینی خەڵکە و فەرهەنگێکە خەڵک بە پارە چاوەخوار دەکات و دەیکاتە نۆکەری خۆی. تاڵەبانی و تەواوی دەسەڵاتدارانێکی لە عیراقدا فەرمانڕەوان، بۆ خۆیان بە پارەوپووڵ کڕدراون و بێدەنگ و دەمکوت کراون. ڕێبەرە ئەمەریکاییەکانیان گەمە بە پارە و داهاتی عیراق دەکەن و دەمی ئەمانیش چەور دەکەن بۆ ئەوەی هەرگیز فزەیان لێوە نەیەت. کەسێک کە کڕدرا و بە پارە دەمکوت کرا، ئیدی سەربەخۆیی خۆی لە دەست دەدات و دەبێتە کۆیلە و وابەستەی ئەوەی پارەکەی دەداتێ. ئەوەی "تاڵەبانی"ش دەیکات، کارێکە بۆ کڕین و زمانبڕینی ئەوانەی لەگەڵیدان. پارەبەشینەوەی تاڵەبانی خوویەک نییە تازە فێری بووبێت، بەڵکە زۆر لەمێژە ئەو شێوە ڕەوتارەی پێڕۆ کردووە[8].**

**ئەمەی تاڵەبانی دەیکات کورد گوتەنی :"پیاوەتی کردنە بە ئاوی حەمامەوە". لە فەرهەنگی عەرەبدا جاران شاعیران دەچوونە خزمەتی خەلیفە، سوڵتان، شا یا فەرمانڕەوا و شیعرێکی پەسنیان بۆ دەخوێندنەوە و کە تەواو دەبوون خەلیفە، سوڵتان، شا یا فەرمانڕەوا فەرمانیان دەدا بە نۆکەر و گزیرەکانیان، کە ئەوندە پارە**

---

[7] لە فەرهەنگی عیراق و کوردستاندا، بەرتیلدان و بەرتیلوەرگرتن و دەمچەورکردن یا دەمشیرینکردن، کارێکی زۆر باو و بەربڵاو و ئاساییە. بەرتیل وەک چەشە بە بەرپرس و کارمەند و کارهەڵسووڕێنەر دەدرێت. بەڵێندەران(خاوەن کاران و قۆنتەراتچییان)، کەسانێک کارەکەیان دەکەوێتە کارگێڕییەک و کابرای کارمەند بۆیان جێبەجێ ناکات، کەسانێک پێویستییان بە پاڵنانی کارێکە، کە لەکن کارمەندێکی قیرسچمە چەقیوە و ناجمێت، کەسانێک گەرەکیانە لە سەر کارێک دابمەزرێن یا دەیانەوێت کوڕێکیان، کچێکیان یا کەسێکی نێزیکیان لە جێگەیەک کارێک وەرگرێت و بۆیان ئەنجام نادرێت و...ئیدی بە بردنی ئاسک و بەرخ و گوێز و هەنگوین و قالی و ...بۆ ئەو کاربەدەستانە یا زێر و دیاری بۆ ژنەکانیان یا شتی نێومال بۆ ماڵەکانیان، ئەمانە هەموو وەک بەرتیل، بۆ نەرمکردنی دڵی ئەو کارمەند و بەرپرس و دەسەڵاتدارانە بۆ ئەوەی کارەکانی خۆیان لەو ڕێگەیەوە ئەنجام بدرێن، جاران و ئێستایش فەرهەنگێکی زاڵ و سەردەستە و هەیە. دیارە ئێستا بە گویرەی گۆڕانی باری ئابووری و باری ماددی خەڵک، جۆری دیارییەکانیش گۆڕاون. ئەگەر جاران شووشە وێسکی و کاوڕ و چەند کیلۆ گوێز و تەنەکە هەنگوینێک، کارئاسانی دەکرد و بە بەرتیل و دیاری قەبووڵ دەکرا، ئێستاکە ئەوانە هەر هیچ نین و خەڵک باس لە دەفتەر(10000$) و بلۆک(100000$)ە دۆلار دەکەن! جۆرە بەرتیلیکی دیکەیش هەیە لە سەرکردە و دەسەڵاتدار و کارمەند و خاوەنکار و لە سەرەوەڕا دەدرێتە ئەوانەی خوارێی خۆیان، ئەویش بۆ بێدەنگکردن و چاوخەواندنیان لەهەمبەر هەڵەکانی سەرانیان و ئاشکرانەکردنی نهێنەکانیان یا تەنیا بۆ ئەوەی دڵیان بە لای خۆیاندا ڕاکێشن. ئەوەی تاڵەبانی دەیکات دەکەوێتە ئەم خانەیانەوە.

[8] دۆستانێک کە لە نێزیکەوە تاڵەبانی دەناسن و لەگەڵیدا بوونە دەگێڕنەوە، کە کاتی خۆی لە سووریا، کەحیزبی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لەوێ دامەزرا، هەرجارێکی تاڵەبانی گەشتی ئەوروپای یا دەرێی سووریای کردبا، بە کۆڵێک دیاری هەمەجۆرەوە دەهاتەوە و هیچ کەسێکی لە سەرانی حیزبی بەعسی سووریا و سەرانی حیزبە عیراقییە عەرەبییەکان و ئەفسەرانی باڵای موخابەراتی سووریا و ژنانی ئەو جۆرە خەڵکانە و دەستوپێوەندەکانی خۆی لەبیر نەدەکرد و بەشی هەمووانی دەهێنا و کە لێیشیان پرسیوە بۆ وا دەکات، لە وەڵامدا گوتوویەتی، پارەی خۆیانە و بۆ خۆیانی خەرج دەکەم.

بدەن بەو شاعیرە. ئێستا دەرباری دەسەڵاتدارانی عیراق و کوردستان، نەک شاعیرێک بەڵکە هەزاران تاریکبیر"خۆیان بە خۆیان دەڵێن ڕووناکبیر"ی مەراییکار و مشەخۆر و جلخوار و ماستاوساردکەرەوە و دووڕوو و دووزمان و قەڵەمفرۆش و خۆفرۆش، دەورەیان داون و لەشی دەسەڵاتداران بە پۆشتە پێشانی خەڵک دەدەن و لەوەیشدا تەنی چاوەڕوانی بەرماوەی دەسەڵاتدارانن و بە وەرگرتنی چنگە دۆلارێک، وەک یاریدەرەگەورەساڵەکەی هەڤاڵی گەشتەکەی تارانی ئەندەرسن، نەک هەر شاگەشکە دەیانگرێت، بەڵکە دەکەونە خۆبادان و چەقەنەلێدان و شێخ ڕەزای تاڵەبانی گوتەنییش، کە هەر لەبارەی هێسترە لاتەکەیەوە گوتوویەتی:

دەنکە جۆیێکی نیشان دەی، تا قیامەت دێ لە دووت

تاڵەبانی و سەرانی دیکەی کوردستان و عیراق، بەو دەنکە جۆیە، دەیانهەزار ناڕووناکبیری مشەخۆریان ڕاگرتووە و کڕیوە و لە ڕێگەی ئەوانیشەوە کڵاویان ناوەتە سەر خەڵکە ئاساییەکە بەوەی، کە ئەوەتا "ڕووناکبیر و فەرهەنگکاران" یان لەگەڵە و خەڵکی ئاساییش بەو مشەخۆرانەی سەرخوانی دەسەڵات، چاویان دەکەوێتە ڕێشکەوپێشکەوە و تەواوی ئەو لەمیشی و مشەخۆری و لەوەڕین و ساختەکارییەیان وەک تراویلکە لێ دەبێتە ڕاستییەک.

**ئەندەرسن دەڵێت:"...هیوا عوسمان[9]، ڕاوێژکاری ڕۆژنامەوانی تاڵەبانی گوتی: "دێتەوە بیرت لە پاریس چی کرد کاتێک بڕیاری لە سێدارەدانی سەددام درا، کە چووە ژووری خەوتنەکەیەوە و سەعاتێک زیاتر لەوێ مایەوە؟ ئەمجارەیان سێ یا چوار ڕۆژی خایاند. هیچ کەسێک نەیبینی".** هیوا عوسمان، کە سکرتێری ڕۆژنامەوانی تاڵەبانییە، خۆخزاندنە ژووری خەوتن و بیرکردنەوە قووڵەکەی تاڵەبانی وەبیر ئەندەرسن دێنێتەوە و خەجت لە سەر ئەوەیش دەکات، کە کاتی هەڵواسینی سەددام حوسەین، تاڵەبانی لە قەڵاچوالان بووە و تا سێ چوار ڕۆژ خۆی لە خەڵک شاردووەتەوە و کەس نەیبینیوە. خۆشاردنەوە و خۆبزرکردنی چوارڕۆژەی تاڵەبانی لە بەرچاوی خەڵک بە هۆی لەنێوبردنی سەددام حوسەینەوە، ئەمەکداریی تاڵەبانییە بۆ سەرۆکێک، کە ماوەیەکی زۆر خانەخوێی بووە و بژێوی وی بە دەست بووە و بەردنەهاویشتنە کانییەکیشە، کە ماوەیەکی دووردرێژ ئاوی لێ خواردووەتە. تاڵەبانی وەک ئەمەکدارییەک بۆ تەواوی تەمەنێکی دۆستایەتی لەگەڵ سەددام حوسەین و ڕێژیمەکەیدا هەر دەبوو وەها هەڵوێستێک بنوێنێت، هەم لەبۆ ئارامی بەخشینێک بە دەروون و ویژدانی خۆی و هەمیش لەبۆ نەڕەنجاندن و خۆبردنەپێشەوە لە عەرەبی سوننە و ئیسلامی سوننەی جیهان و بەو کارەی هاوسۆزی و هاوخەمی خۆی پێشانی دەوڵەتە عەرەبەکان و سوننەی عەرەب و جیهان داوە و ویستوویەتی خۆی لەکن ئەوان"پیاوخراپ" نەکات و وەک کەسێکی نەرم و ئارام و میانڕۆ و دژەکوشتن خۆ بنوێنێت.

کەسێک، لێوەکانی و زاری شتێک بڵێن و سەریشی جۆرێکی دیکە بهژرێت، تۆ هەرگێز ناتوانیت بیناسیت و لێی تێ بگەیت. کەسێک لە هەموو ژیانی سیاسییدا هەمیشە هەر سەری بۆ بەرانبەرەکانی لەقاندبێتەوە و دابێتی بە گرێی ملدا و لەگەڵ بووبێت و بەدەمیانەوە کەنیبێت و هەرگیز نەیگوتبێت"نا / نەء"[10]، لێتێگەیشتنی گەلێک سەختە.

---

[9] هیوا عوسمان، هەر دوای بڵاوبوونەوەی ئەم گوتارەی ئەندەرسن، لە میدیا کوردییەکاندا دەیگوت، کە ئەندەرسن درۆی کردووە و ئەندەرسن دوژمنی عیراقە و پرۆپاگەندەی خراپ بۆ سەرۆک تاڵەبانی و عیراق دەکات!

[10] تاکە یەکجار نەبێت، ئەویش ئەو جارەیە، کە لە 1964دا بە بارزانی(مەلا مستەفا)ی گوت "نەء" و ئەویش"نەء"ێک بوو هەڵە و لەجێی خۆیدا نەبوو، ئیدی لەوەدەمییەوەڕا تا ئەمڕۆ، کە تەمەنێکە، کورد تەواوی کورد، باجی ئەو "نەء"ە وی دەدات.

ئەگەر پێناسەکردنی تاڵەبانی بۆ "جۆن لی ئەندەرسن" کارێکی سەخت بووبێت، ئەوا هەر ئەو تاکەکەس نییە، کە سەختیی تووش بووبێت لەو پێناسەکردنەدا، بەڵکە تەواوی ئەوانەی تاڵەبانی دەناسن و پێوەندیان لەگەڵدا هەبووە و هەیە و لێیەوە نێزیکن و هاوکاری سیاسی ئەو بوونە و ئاگاداری ژیانی سیاسیی وین، لە "تاڵەبانی ناسی"دا، هەمیشە نەیانتوانیوە بە تەواوەتی کەسایەتی وی بناسێنن و هەرگیزیش نمرەی تەواویان وەدەست نەهێناوە.

2007–3–23